**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا

**پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**

بەشی موزیك، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

neriman.xoshnaw@yahoo.com

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا)یە. لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت. لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم؛ کە بە ناونیشانی (فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆوەدەگرێت:(چەمك و پێناسەی فەرهەنگسازی، چەمکی فەرهەنگ، پێناسەی فەرهەنگ، سوودەکانی فەرهەنگ، بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ).

بەشی دووەم؛ کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ)ة، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە).

لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەش کراون.

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٧/٢٥

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٩/٢٠

بڵاوکردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**

*Dictionary, Lexicon, Vocabulary, Lexicology, Lexcim.*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.11

## پێشەکی:

### ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا).

### سنووری لێکۆڵینەوەکە

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە ئاستی زمانەوانیی کارەکیدان، نموونەکانیش فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بە هەموو زار و شێوەزارەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو فەرهەنگانەش دەگرێتەوە کە زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تر لەخۆوەدەگرێت.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت.

### هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

زمانەوانیی کارەکی لقێکی گرنگ و سەرەکی زمانەوانییە، قسەکردن لەم زانستە بەگشتی و فەرهەنگ و فەرهەنگسازی مێژوویەکی نزیکی هەیە، بۆیە هەرچەندی نووسین و توێژینەوەی لەسەر بکرێت و بنووسرێت، هەر کەمە، بۆیە ئێمەش ئەم بابەتەمان هەڵبژارد، بە ئامانجی خزمەتکردن بە کتێبخانەی کوردی.

### کێشە و گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

بەداخەوە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی فەرهەنگ بەم شێوە فراوانەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا خستوومانەتەڕوو، نەکراوە، بەڵکو سەرچاوەکان بەپچڕ پچڕی و بە تەواونەکراوی باسیان لێوە کردوون، کە ئەمەش کاتێکی زۆری ویستووە، بۆ ئەوەی هەوڵبدەین هەموو جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بە نموونەی فەرهەنگی کوردی بخەینەڕوو.

### کەرەستەکانی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەمان پەنامان بردۆتە بەر دەستنیشانکردنی زۆرینەی فەرهەنگەکانی کوردی، بەتایبەتی ئەو فەرهەنگانەی بە کتێبی ئاسایی یان ئەلیکترۆنی چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

### ناوەرۆك و پلانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم؛ کە بە ناونیشانی (فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆوەدەگرێت:(چەمك و پێناسەی فەرهەنگسازی، چەمکی فەرهەنگ، پێناسەی فەرهەنگ، سوودەکانی فەرهەنگ، بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ).

بەشی دووەم؛ کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە).

لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراون.

## بەشی یەکەم: فەرهەنگ

### 1.1:چەمك و پێناسەی فەرهەنگسازی

زاراوەی فەرهەنگسازی لە دوو وشە پێکهاتووە، پارچەی یەکەمی (فەرهەنگ)، پارچەی دووەمی (سازی)، واتای زانست دەگەیەنێت، جگە لە فەرهەنگسازی، وشەی (لێکسیکۆلۆجی)یش بەکاردەهێنرێت.

لەڕووی پێناسینیشەوە، تاکو ئێستا کۆمەڵێك پێناسە لەبارەی فەرهەنگسازی کراون، لەوانە:

ـ فەرهەنگسازی زانستێکە لە فەرهەنگ و یەکە فەرهەنگییەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

محەمەد عەلی خولی دەڵێت : فەرهەنگســـازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکەکانی زمان لە ڕووی لایەنەکانی دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی و مێژوویی و داڕشتنەکانی.(محمد علی الخولي: 1986: 68).

عەلی قاسمی دەڵێت: فەرهەنگسازی زانستێکە لە فەرهەنگ دەکۆڵێتەوە، لە پێنج هەنگاوی سەرەکی پوخت دەکرێتەوە: کۆکردنەوەی زانیاریی و ڕاستییەکان، هەڵبژاردنی وشەکان، ڕیزکردنیان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، نووسینەوەی بایەتەکان، پاشان بڵاوکردنەوەی ئەنجامی کۆتایی(علي القاسمي: 1991: 3).

محەمەد مەحوی دەڵێت: ((فەرهەنگسازی بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشەنامە دێت))(محەمەد مەحوی: 2001: 144).

## 2.1:چەمکی فەرهەنگ

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی فەرهەنگ چەندین زاراوەی تر بەکارهاتوون، لەوانە(قامووس، وشەوان، وشەنامە، وشەدان، فەرهەنگۆك، ئینسکلۆپیدیا.....هتد).

وشەنامە و وشەوان و وشەدان لەیەکتر نزیکن و واتاکانیان لە ڕێگەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەیانەوە بەدیاردەکەوێت، کە تەنیا کۆگای وشەن. هەرچی وشەی (قامووس)ە، ڕیشەکەی بۆ وشەی (کامپۆس)ی یۆنانی دەگەڕێتەوە، هەرچەندە عەرەبەکان وشەکە بە عەرەبی دادەنێن، بەو واتایەی ئەو جێگەیەی کە لە دەریادا بڕی هەرەزۆری ئاوی لێ کۆدەبێتەوە، بەوێ دەڵێن قامووس، هەروەها واتای قوڵایی دەریا، ناوەڕاستی دەریا، زۆربەی هەرەزۆری دەریا دەگەیەنێت. یەکەم فەرهەنگی عەرەبی بەم ناوە، قامووسی زەریا (القاموس المحیط)، بەرهەمی (فەیرۆز ئابادیی)یە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی، بە واتای دەریایەکی قوڵ و فراوان دێت(احمد مختار عمر: 1998: 24).

وشەی فەرهەنگ وەك زاراوەیەك ڕای جیاوازی لەسەرە، لەوانە:

1ـ فەرهەنگ لە نەژاددا وشەیەکی پەهلەوییە و لە (فرهنج) وەرگیراوە، چەند واتایەك دەگەیەنێت، لەوانە:

اـ ئەدەب و پەروەردە.

ب ـ زاست و زانیاری.

ج ـ کۆمەڵێك ئەدەبیات و ڕسووم.

د ـ کۆمەڵێك زانست و زانیاری و کلتووری میللەتێك.

هـ ـ سەرچاوەی لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمانێك یان کۆمەڵە زمانێك.

و ـ کارێزی ئاو.(محمد معین: 1997: 258 ـ 259).

2ـ لە زمانی فارسی نوێدا فەرهەنگ بە واتای کلتوور دێت(جەمال نەبەز:2001: 60).

3ـ فەرهەنگ وشەیەکی کوردی کۆنە و لە (فرەهەنگ)ەوە وەرگیراوە، (فرە) لە کوردیدا بە مانای زۆر و زەبەنگ دێت، (هەنگ) و (سەنگ) بە مانای گرانی (نرخ) و (بڕ) مقدار دێت.(جەمال نەبەز:2001: 60). بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، وشەی فەرهەنگ دەشێت بە واتای (زۆر بەنرخ) یان (بەهادار) بێت.

**3.1:پێناسەی فەرهەنگ**

فەرهەنگ وەك تۆمارێك و گەنجینەیەك وایە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت. هەموو زمانانی جیهان خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، چونکە هەموو زمانێك بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە دەناسرێتەوە.

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ فەرهەنگ کراون، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو، لەوانە:

ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت: ((فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت، جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکرانەوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بە دەمەوەهاتنیان و پەیدابوونیان دراوە))(ئەورەحمانی حاجی مارف: 1975 : 69).

محەممەد حەسەن عەبدولعەزیز دەڵێت: (( فەرهەنگ بریتییە لەو کتێبەی کە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەی ئەلفوبێی ئەو زمانە، وشەکان ڕیزکراون، یەك بە دوای یەك و شیکردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریدا نووسراوە))(محمد حسن عبدالعزیز: 1983 : 103).

زگەستا دەڵێت:((فەرهەنگ لیستێکی بە سیستەم ڕیزکراوی فۆرمەکانی زمانی ئاخاوتنە، لە نەریتی ئاخاوتنی کۆمەڵگەیەکی زمانی وەردەگیرێت و لە لایەن دانەرەوە ڕوونکردنەوەی بۆ دەکرێت، بەشێوەیەك خوێنەری شایستە لە واتاکانی تێبگات، مەبەست واتاکانی هەر فۆرمێکی جیاکراوەیە، زانیاریدەربێت سەبارەت بەو ڕاستییەی پەیوەستە بە ئەرکی فۆرمەکە لە ژینگەکەیدا))(زگەستا: 1971 : 197).

هالیدای دەڵێت:((فەرهەنگ گەنجینەی وشەکانی زمانە، بەگشتی وەك بەشێك لە ڕێزمان سەیر دەکرێت))(هالیدای:2007 : 107).

محەممەد عەلی خولی دەڵێت:((فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە، کە دەروازە و شرۆڤەی تێدایە، لەوانەیە فەرهەنگ مێژوویی، یان وەسفی، یان پێوانەیی بێ، گشتی، یان تایبەتی بێ، هەروەها تاکزمانی، یان جووتزمانی، یان چەند زمانی بێ))(محمد علي الخولي: 1986 : 32).

ئەحمەد بن عەبدوللا دەڵێت: ((فەرهەنگ کتێبێکە ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانەوانی تێدایە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتاکەی و ئەو وشانەی بە شێوازێکی تایبەت بە نووسەرەکە ڕێکدەخرێت))(احمد بن عبدالله الباتلي: 1992 : 76).

عەلی محەمەد قاسمی دەڵێت: ((فەرهەنگ پەرتووکێکە وشەکان لەخۆدەگرێت و بە شێوەیەکی ئەلفوبێیی ڕێکخراون و واتایان پێ بەخشراوە و شرۆڤەکراون و زانیاری پەیوەست پێیانەوە تیایدا خراونەتەڕوو، ئینجا ئیتر ئەو زانیارییانە بە هەمان زمان یان بە زمانێکی دی نووسرابێت))(علي محمد القاسمي:1991: 9).

لەمیانەی خستنەڕووی ئەم پێناسانەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە: فەرهەنگ گەنجینەیەکە، یان تۆمارێکە، یان کتێبێکە بۆ پاراستن و لەخۆگرتنی وشە و زاراوەکان، بە شێوازێکی تایبەت ڕێکدەخرێن، و شێوە و جۆری گەلێك زۆرە.

**4.1:سوودەکانی فەرهەنگ**

سوودەکانی بەکارهێنانی فەرهەنگ زۆرن، لەوانە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

1ـ پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان، چونکە لە زماندا بە درێژایی ڕۆژگار کۆمەڵێك وشە دەمرن و کۆمەڵێك وشەی تر لەدایکدەبن.

2ـ ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان، چونکە هەندێك وشەمان لە زماندا هەیە، واتاکانیان ڕوون نین، یان زیاتر لە واتایەك دەبەخشن (محمد عبدالحفیظ العریان: 1984: 11).

3ـ توانا بە زمان دەبەخشێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێشەوە بچێت.

4ـ زانینی ئیتمۆلۆژیای وشەکان و چۆنیەتی داڕشتنی وشەکان، چونکە کۆمەڵێك وشە لە زماندا هەن، کە هی زمانانی ترن و هاتوونەتە ناو زمانەکەمان، بۆیە لە ئیتمۆلۆژیادا بنج و بنچینەی وشەکانت بۆ دەستنیشان دەکات.

5ـ زانینی مێژووی وشەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و جیاوازی بەکارهێنانیان.

6ـ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی لە بەکارهێناندا وەستاون.

7ـ ناسینەوەی پێکهاتەی بەشەکانی ئاخاوتن.

8ـ ڕێکخستنی ڕاستی و دروستی وشەکان. (بەناز ڕەفیق تۆفیق:2008 : 18 ـ 19).

### 5.1: بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ

چەندین ڕێگای جۆراوجۆر لە ڕیزبوونی پیتەکانی نێو فەرهەنگدا هەیە، بەهۆیەوە فەرهەنگنووس پابەندی جۆرێك لەو جۆرانە دەبێت و پەیڕەویان دەكات. لێرەدا هەندێك لەو ڕیزبوونانە دەخەینەڕوو:

### 1- ڕیزبوونی فەرهەنگی:

ئەم ڕیزبوونە زیاتر لەسەر بنەمای لێكچوون و نزیكی پیتەكان لە یەكترییەوە دامەزراوە، ئەمجۆرەیان لە زۆرینەی فەرهەنگەكانی زماندا پەیڕەو دەكرێت، وەك: (ا، ب، پ، ت)(ج، چ، ح، خ)(ڕ، ز، ژ).

### 2- ڕیزبوونی فۆنەتیكی:

ئەم ڕیزبوونە لەسەر بنەمای چۆنیەتی دەربڕینی پیتەكان دامەزراوە، بەو واتایەی ئەو پیتانەی مرۆڤ زووتر و بە ئاسانی لە زاردا دەریاندەبڕیت دێنە ڕیزی پێشەوە، ئیتر بەمشێوەیە تا پیتەكان مرۆڤ درەنگتر و قورستر دەریانببڕێت، ئەوە دەچنە ڕیزی دواوە، وەك:

(ب، پ، ت، م، و، د)

(ز، ژ، ڕ، س، ف)

(ج، چ، ش)

### 3- ڕیزبوونی ڕستەیی:

ئەمجۆرە ڕیزبونە لەسەر بنەمای كۆكردنەوەی كۆمەڵێك پیت لە وشەیەك، دواتر كۆكردنەوەی وشەكان لە چوارچێوەی ڕستەدا، بۆ ئەوەی پیتەكان بە ئاسانی لەبەربكرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا پیتەكانی زمانی عەرەبی لەسەر شێوەی (ئەبجەدی)، بەمشێوەیە ڕیزكراون:(أبجد، هوز، حطی، كلمن، سفص، قرشت، ثخذ، ضظغ).(حەمە كەریم ڕەمەزان هەورامی: 1968: 67ـ 69).

## بەشی دووەم: جۆرەكانی فەرهەنگ

### 1.2: جۆرەكانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە

لە ڕووی ڕوخسارەوە فەرهەنگ بەسەر سێ جۆر دابەشدەكرێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1ـ فەرهەنگی نەتەوەیی

ئەمجۆرە فەرهەنگە تەنیا وشە و زاراوەکانی یەك زمان دەخاتەڕوو، بەو واتایەی لەم جۆرە فەرهەنگەدا وشەکان بەشێوەی ستاندارد دەنووسرێن و لە بەرامبەریشدا زار و بنزارەکان دادەنرێن، کەواتە ئەمجۆرە فەرهەنگە پەیوەستە بە زارەکانی زمانێك، هەندێکجار لەم جۆرە فەرهەنگەدا لێکدانەوە بۆ وشەکانیش دەکرێت، کەواتە ئەم فەرهەنگە بریتییە لە فەرهەنگی (کوردی ـ کوردی)، (عەرەبی ـ عەرەبی)، (ئینگلیزی ـ ئینگلیزی).

نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەکو فەرهەنگی (خاڵ)ی (شێخ محەمەدی خاڵ)، کە لە سێ بەرگدا کۆکراوەتەوە، فەرهەنگی (قامووسی زبانی کوردی)ی (عەبدولڕەحمان زەبیحی)یە، کە بەداخەوە تا ئێستا دوو بەرگی بەردەستە و دوو پیتی (ئـ ، ب)ی لەخۆگرتووە، فەرهەنگی (کوردستان)، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، هی گیو موکریانییە، فەرهەنگی فەرهەنگا کوردی)ی (جگەرخوێن)، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، (فەرهەنگی (کانی)، کە کرمانجی سەروو ـ کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی (هەراشان) و فەرهەنگی (هەرزە)ی ئەکادیمیای کوردی، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، فەرهەنگی ( وشەنامە)ی (جەمال حەبیب الله(بێدار))ە، کە فەرهەنگێکی هەورامی ـ کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی ئۆکسفۆردی (ئینگلیزی ـ ئینگلیزی)، فەرهەنگی (زانستگای کوردستان)، فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، هی زانکۆی کوردستانە لە شاری سنە، کۆمەڵێك فەرهەنگنووس نووسیویانە و بە سەرپەرشتی (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی)یە، فەرهەنگی (لەك و لووڕ)، کە فەرهەنگێکی شێوەئاخاوتنی لەك و لووڕ و کرمانجی ناوەڕاستە، کە هی (حەمیدا ئیزەدپەناە)ە، فەرهەنگی (هەرمان)، کە فەرهەنگێکی کوردی کودییە، هی (عەلی نانەوازادە)یە، فەرهەنگی (میدیا) کە هی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ە، تەنیا یەك بەرگ و یەك پیتی لێ بڵاوکراوەتەوە.

## 2ـ فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانانی بێگانە

ئەمجۆرە فەرهەنگە وشەکانی بە زمانی نەتەوەیی و دایك دەستپێدەکات، لە بەرانبەریدا وشەکانی زمانێکی بێگانە یان کۆمەڵە زمانێکی بێگانە دادەنرێت، واتە وەکو فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی)، فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی)، فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی).

سوودی ئەمجۆرە فەرهەنگە بۆ کەسانی زمانی دایك نییە، بەڵکو سوودەکەی بۆ کەسانی زمانانی بێگانەیە، واتە ئەگەر بە نموونە بیهێنینەوە فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی) بۆ کوردزمانێك سوودی نییە، بەڵکو بۆ کەسێکی عەرەب سوودی هەیە، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت، بە هەمان شێوە فەرهەنگەکانی (کوردی ـ فارسی) و (کوردی ـ ئینگلیزی) بۆ کەسانی فارسی زمان و ئینگلیزی زمان سوودیان دەبێت.

نموونەی فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی)، وەك فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ی (فازڵ نیزامەددین)، فەرهەنگی (مهاباد)ی (گیو موکریانی)، فەرهەنگی (ئاری)ی (سابیر گردعازەبانی)، فەرهەنگی (گوڵزار)ی (گەرمیان ئەحمەد)، فەرهەنگی (ڕوشدی)ی (محەمەد ڕوشدی دزەیی)ە.

نموونەی فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی)، وەکو فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی (سەلام ناوخۆش). نموونەی فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، وەك فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی (هەژاری موکریانی)، فەرهەنگی (ڕێژگە)ی (ئەمین گەردیگلانی)، فەرهەنگی (ناهید)ی (محەمەد ناهید)، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردی فارسییە، فەرهەنگی (مەردۆخ)ی (محەمەد مەردۆخی)، کە کوردی فارسی عەرەبییە.

**3ـ فەرهەنگی زمانانی بێگانە و زمانی نەتەوەیی:**

ئەمجۆرە فەرهەنگە ڕیزبوونی وشەکانی بە زمانێکی بێگانە یان بە زیاتر لە زمانێکی بێگانە دەبێت، لە بەرانبەریشدا وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی دادەنرێت، واتە ئەمجۆرە فەرهەنگە وەکو لە فەرهەنگی (عەرەبی ـ کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی ـ کوردی)، فەرهەنگی (فارسی ـ کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی).

ئەمجۆرە فەرهەنگە سوودی بۆ کەسانی زمانی نەتەوەیی هەیە، بەو واتایەی فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ کوردی) سوودی بۆ کەسانی کوردزمان هەیە، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن. نموونەی فەرهەنگی (عەرەبی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەك فەرهەنگەکانی (دەریا) و (ژیر)، کە هی(ڕزگار کەریم)ە، فەرهەنگی (شیرین) کە هی (فازیل نیزامەددین)ە، فەرهەنگی (قەڵەم) کە هی (نقار محەمەد)ە، فەرهەنگی(دوو ڕشتە) کە هی (مەلا عەبدولکەریم مودەریس)ە، فەرهەنگی (نۆبەرە)، کە هی (گیو موکریانی)یە، فەرهەنگی (مامۆستا) کە هی (مەلا مەحموود گەلالەیی)یە.

هەروەها نموونەی فەرهەنگی (ئینگلیزی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەك فەرهەنگەکانی (ئۆکسفۆرد)ی (سەلام ناوخۆش) و فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی نوێ)ی (زانەر محەمەد) و فەرهەنگی (قوتابی)ی (هۆشەنگ محەمەد) و فەرهەنگی(مەوریدی نوێ)ی (محەمەد عومەر) و فەرهەنگی (جاف)ی (ئیحسان عەلی)، فەرهەنگی (هاوڕێکەم)، کە هی (مەعروف سەعید فەرهادی)یە.

هەروەها نموونەی فەرهەنگی (فارسی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەك فەرهەنگەکانی (کاوە)ی (کاوە ئەنوەر)، کە فەرهەنگێکی (فارسی ـ کوردی)یە، فەرهەنگی (کوردستانیکا)، کە فەرهەنگێکی ئینگلیزیی کوردیی فارسییە، هی (عەلی جەوشەنی)یە. هەروەها فەرهەنگی (وشە)، کە فەرهەنگێکی عەرەبی عەرەبی کوردییە، هی (محەمەد ئەحمەد)ە، هەروەها (فەرهەنگی پۆڵەندی ـ کوردی)ی (ڕێباز جەلال ئەحمەد).

## 2.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەرۆکەوە

لە ڕووی ناوەرۆکەوە فەرهەنگ بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا دابەشدەکرێت:

**1ـ فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا**

ئەم جۆرە فەرهەنگە باسی زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەکات، بەو واتایەی تایبەت نییە بە دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگنووس هەندێکجار چەندین بەش و تەوەرە بۆ ئینسکلۆپیدیاکە دادەنێت، لەوانە (بەشی زمان، بەشی ئەدەب، بەشی مێژوو،.... هتد).

لەم جۆرە فەرهەنگەدا دەشێت بوار و پسپۆڕی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، زۆرجار چەندین کەسی ئەکادیمی فەرهەنگێك دادەنێن، بەتایبەتی ئەو جۆرەی دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێکی پسپۆڕیی جیاواز، ئەوکاتە ئەو زانیارییەی تۆماردەکرێت، دەبێت ئەکادیمی و لۆجیکی بن و دوور بن لە بیروبۆچوونی کەسی(أحمد ابراهیم خضر: 2013 : 28).

دەبێت ئەوەش بزانین زۆرجاران لەبری ئینسکلۆپیدیا (مەوسوعە)، یان (دائیرەتولمەعارف)، یان (بانکی زانیاریی) بەکاردەهێنرێت. واتە ئەو سەرچاوەیەیە، کە زانیاریی لەبارەی زانست و ڕووداو و دیاردە و خەڵك و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و شوێن ........هتد تێدا تۆماردەکات و بە پێڕەو و هونەرێکی تایبەتی ڕیزدەکرێن و پێشکەشدەکرێن .

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بایەخێکی گەورەی پێدەدرێت، بەڵام لەنێو ئێمەی کورددا هەوڵێکی سەرەتایی هەیە بۆ نووسینی یا بۆ دانانی فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا، لەوانە (ئینسکلۆپیدیای گشتی) کە تا ئێستا حەوت بەرگی لێچاپکراوە، هەروەها (دائیرەتولمەعارف)ی (خەسرۆ جاف)، کە تا ئێستا (7) بەرگی لێچاپکراوە، و (ئینسکلۆپیدیای هەولێر)یش کە تایبەتە بە هەولێر.

## 2. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا

ئیتمۆلۆژیا زاراوەیەکە لە بواری زماندا بەکاردێت، ئیتمۆلۆژیا زانستێکە لە ڕەگەز و بنچینەی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتیشدا باس لەو گۆڕان و پێشکەوتنانە دەکات، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر خودی وشەکانەوە هاتوون.

کەواتە ئیتمۆلۆژیا ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ(ئەورەحمانی حاجی مارف: 1975 : 207)، بەجۆرێ ئیتمۆلۆژیا ڕیشەی مێژوویی و پەرەسەندنی وشەکان نیشاندەدات(هالیدای: 2007: 106).

ئەم جۆرە فەرهەنگە زۆربەی وشەکانی نێو زمانەکە دەگرێتەوە، لەم فەرهەنگەدا ڕەگەزی وشەکان دەردەخات، کە ئاخۆ ئەم وشانە لە بنەچەدا سەر بە چ زمانێك بوون، دواتر چۆن هاتوونەتە نێو زمانەکەی تر، هەروەها ئەو گۆڕانانە چین کە بەسەر خودی پێکهاتەی وشەکەدا هاتوون، یان بەسەر ناوەرۆکی وشەکەدا هاتوون. لەم جۆرە فەرهەنگەدا فەرهەنگنووس پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە ئیتمۆلۆژیای وشەکانەوە هەبێت، چونکە بەشێکی وشەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی سەر بە یەك خێزانن، تێیدا هاوبەشن و لە یەکتری دەچن، یان لە ئەنجامی پەرینەوەیاندا بۆ ناو زمانێکی تر، نەژادی خۆیان لەدەستدەدەن و مۆرکی ناوچەیی ئەو زمانە وەردەگرن.

نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەك (وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی)، کە هی (د.جەمال نەبەز)ە، ئەم فەرهەنگە لە شێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی بڵاوکرایتەوە، هەروەها کتێبی (لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی)، کە هی (د.ئەورەحمانی حاجی مارف)ە، فەرهەنگی (ڕیشەی وشەی کوردیی)ی عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی (وشە کلتوورییەکانی دەشتی هەولێر) ، کە هی (عەباس سلێمان سمایل) ە، زۆربەی وشە و زاراوەکانی دەشتی هەولێری وەرگرتووە و شرۆڤەی کردوون، فەرهەنگی (ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بە درێژایی کات و مێژوو)، کە هی (غەریب عەلی عەزیز)ە،

فەرهەنگی (دەنگارە ـ زاراوەکانی خۆشناوەتیی)، کە هی (محەمەد جەمال ئەحمەد)ە، هەروەها (فەرهەنگی نوێ) کە هی (وریا قانع)ە، فەرهەنگی (ئیریەن ڤاچ)ی (محەمەد ئەمین هەورامانی)، کە فەرهەنگێکی کوردیی کۆن و کوردی سەردەمی ئەمڕۆکەیە، کە تیایدا وشەی گاتاکانی ئاڤێستا بە لێکدانەوەی زمانی نووسینی ئەمڕۆی کوردییە.

## 3ـ فەرهەنگی پسپۆڕیی

جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەم جۆرە فەرهەنگە پسپۆڕییەك لە پسپۆڕییەکان دەگرێتەخۆ، بەو واتایەی لایەنێکی تایبەتی، یا دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان دەگرێتەخۆ، بۆ نموونە فەرهەنگی زمانەوانی، فەرهەنگی ئابووری، فەرهەنگی مێژوو، فەرهەنگی یاسا، فەرهەنگی ئەدەبی.... هتد. سوودی ئەمجۆرە فەرهەنگە ئەوەیە، کە لێکۆڵەرێکی بوارێك یان پسپۆڕییەك لە پسپۆڕییەکان بە نموونە زمانەوانێك کاتێك بابەتێکی زمانەوانی دەنووسێت، پێویستی بە فەرهەنگی زمان یان زمانەوانی هەیە، لەنێو ئێمەی کورددا هەوڵدانی سەرەتایی هەیە، بۆ بە پسپۆڕیکردنی فەرهەنگ، لەوانە (فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی)، کە هی (د.ئەورەڕەحمانی حاجی مارف)ە، ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە هەموو بوارەکانی زمان، هەروەها (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی)، کە هی (د.کەمال میراودەلی)یە، فەرهەنگی (ناوخۆش)، کە فەرهەنگێکی زمانەوانییە، هی سەلام ناوخۆشە، هەروەها فەرهەنگی (کیمیا) کە هی (جەمال عەبدول)ە، ئەم فەرهەنگە هەتا ئێستا چەندین بەرگی لێدەرچووە، هەروەها فەرهەنگی (فیزیا)، کە هی (فازڵ قەرەداغی)یە، فەرهەنگی (دادگا)، کە هی (سەردار عەزیز خۆشناو)ە، فەرهەنگی (زاراوەی کارگێڕیی)، کە هی لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردییە، فەرهەنگی (زاراوە کارگێڕییەکان)، کە هی (شێرزاد تاهیر فەرەج)ە، فەرهەنگی (زاراوە یاساییەکان)، کە هی (محەمەد وەسمان)ە، فەرهەنگی (زاراوە وەرزشییەکان)، کە هی (د.عاسی فاتیح وەیسی)یە، فەرهەنگی (خەرمان)، کە فەرهەنگێکی کشتوکاڵییە، هی (حەمە ساڵح فەرهادی)یە، فەرهەنگی (قانوونی)، کە هی (د.نووری تاڵەبانی)یە، فەرهەنگی (باڵندە)ی (ئەحمەد بەحری)، کە فەرهەنگێکی تایبەتە بە باڵندە، فەرهەنگی (ئەندێك)، کە فەرهەنگێکی پسپۆڕییە تایبەتە بە بوارەکانی کشتوکاڵ و گیانداران و باڵندە، فەرهەنگە (زاری کرمانجی دەشتی قەراج و کەندێناوە)ی (نیاز عەبدولقادر شەناغەی)یە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی**

ئەم جۆرەیان لە وشە دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە خودی وشە دەدرێت و مانای لێکدەدرێتەوە و حاڵەتی ڕێزمانیی دەنووسرێت و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێت و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕۆڵی لە ڕستەدا دەردەخات(ئەورەحمانی حاجی مارف: 1975 : 69 ـ 70) . ئەم جۆرە فەرهەنگە لە ڕووی مەبەست و چۆنیەتی شیکردنەوەی وشەکان دەکرێت چەند جۆرێکی لێدەستنیشانبکرێت: ئەو فەرهەنگانەی لە دووتوێیاندا واتای هەریەکە لە کەرەستە کۆکراوەکانی زمانی بێگانە بە زمانی زگماك لێکدەدرێنەوە، یان بەپێچەوانەوە کەرەستەکانی زمانی زگماك بە زمانی بێگانە ڕووندەکرێنەوە، سەرەڕای ئەمە دەکرێت پتر لە دوو زمان بەشداری لە لێکدانەوەی واتاکانیان بکەن، لەگەڵ ئەم جۆرە فەرهەنگانەدا هەندێك فەرهەنگی دیکەش هەن کە وشەکانی زمانێك بە کەرەستەی خودی زمانەکە لێکدەداتەوە(بەناز ڕەفیق تۆفیق: 2008: 20).
نموونەی ئەم فەرهەنگە وەك فەرهەنگی (هەنگاوە ئاسانەکانی ئاخاوتنی عێراقیانە)ی (ڕێژین چالاك)، فەرهەنگی (یاریدەدەری گشتی بۆ فێربوونی زمانی کوردی)ی (نورەددن مەردان) ە، ڕێزمانی ئینگلیزی لە بەکارهێناندا)، کە هی وەرگێڕان (عیماد حەمە ئیسماعیل، محەمەد سەعید و غەفوور فەریق)ن، فەرهەنگی (چۆن منداڵەکەت فێری زمانی ئینگلیزی دەکەیت بەبێ مامۆستا)ی (محەمەد مەهدی)یە.

**5. فەرهەنگی وێنەیی**

لەم جۆرە فەرهەنگەدا ئەو وشە بەرجەستانەی پابەندی بابەتێکی دیاریکراون، لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەك ڕووندەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت. نموونەی ئەم فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا فەرهەنگی (وێنەداری گیانداران)ی (کەمال جەلال غەریب)، فەرهەنگی (وێنەداری ئۆکسفۆرد)، کە فەرهەنگێکی وێنەییە و جیهانییە، فەرهەنگی (وێنەداری شلێر)، کە فەرهەنگێکە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە شێوەی وێنە، فەرهەنگی (وێنەداری ماکمیلان)ی (دیلیس براون)، کە (نووری سەعید) کردوویەتی بە زمانی کوردی، فەرهەنگی (بنچینەیی ئۆکسفۆردی وێنەدار)، کە لە وەرگێڕانی (نووری سەعید)ە.

بیرۆکەی ئەم کارەش بۆ زماناسی ئەڵمانی (دودن) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی تێبینیکرد زۆربەی وشە نامۆکان بەرجەستەن نەك واتایی، بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگێکی وێنەیی دانا، ئەم هەنگاوە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین فەرهەنگی تری لەم شێوەیە، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا.

### 3.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە

### 1. فەرهەنگی تەسەل

فەرهەنگی تەسەل دانە فەرهەنگێکی گشتی قەبارە گەورەی چەند بەرگی کورتنەکراوەیە و گواستنەوەی ئاسان نییە، فەرهەنگەکە وەك سەرچاوە لە کتێبخانە هەڵدەگیرێت و خوێنەر و بەکارهێنەر سوودی لێوەردەگرێت، بۆ نموونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بە زمانی ئینگلیزی، کە لە ساڵی 1989 چاپکراوە، بیست بەرگە، فەرهەنگی (تاج العروس من جواهر القاموس) بە زمانی عەرەبی چل بەرگە، هەروەها فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای هەولێر بە زمانی کوردی دە بەرگە.

### 2. فەرهەنگی سەرمێز

فەرهەنگی سەرمێز لە ڕووی قەربارەوە لە فەرهەنگی کورتنەکراوە بچووکترە، بۆیە بەکارهێنان و و گواستنەوەی ئاسانترە، بەپێی خواست و مەبەست و نرخ(علی حمد عوسمان: 2016 : 35)، قەبارەی ئەم فەرهەنگانەش لە یەکتر جیاوازە، فەرهەنگی مامۆستا(کوردی ـ ئینگلیزی) و فەرهەنگی شیرینی نوێ (عەرەبی ـ کوردی) و فەرهەنگی کوردستان ( کوردی ـ کوردی) و فەرهەنگی خاڵ (کوردی ـ کوردی) نموونەی ئەم فەرهەنگەن.

### 3. فەرهەنگی گیرفانی

فەرهەنگی گیرفانی، فەرهەنگێکی بچووکە، لە ڕووی ئەکادیمیدا لە بچووکی قەبارە و کەمی بەرگ و هەرزانی نرخ لە دوای فەرهەنگی سەرمێز دێت(سانوسی: 1999: 119). ئەم فەرهەنگە ئامرازێکە بە سانایی دەگوازرێتەوە و بەکارهێنانی ئاسانە، کتێبخانەی کوردی لەسەر بنەمای چەندزمانیی، چەندین جۆری فەرهەنگی گیرفانی تێدایە، بە کوردی و زمانەکانی تری وەك ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی و هۆڵەندی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و ڕووسی ...هتد.

## 4.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە:

### 1. فەرهەنگی وشەیی

کەرەستەی سەرەکی و ئامانجی ئەم جۆرە فەرهەنگە وشەیە، بەو مانایەی بۆ دۆزینەوەی واتای وشە سوودی بۆ خوێنەر دەبێت.

### 2. فەرهەنگی ڕستەیی

لەم فەرهەنگەدا پشت بە ڕستە دەبەسترێت و دەکرێتە ئامانج، بە جۆرێك ڕستەی زمانێك لە بەرانبەر زمانێك یان چەند زمانێك دادەنرێت، بۆ نموونە: هەندێك لەو فەرهەنگانەی بۆ فێربوونی زمان دانراون، بەتایبەتی بۆ گەشتیاران کاتێك ڕوو لە وڵاتێك دەکەن و زانیاری ئەوتۆیان نییە سەبارەت بە زمانەکە، بۆ دابینکردنی هەندێك پێداویستی سەرەتایی سوود لەم جۆرەی فەرهەنگ وەردەگرن، ئەو جۆرە فەرهەنگانە دەشێت تایبەت بن و دەشێت گشتیش بن.

### 3. فەرهەنگی چەمك و ناساندن

ئەم جۆرەی فەرهەنگ لەپێشەوە وشە و زاراوەکان دادەنرێت و لە بەرانبەریشدا ناسان یان شیکردنەوە بۆ چەمك و واتاکەی دەکرێت، بەو مانایەی ڕەنگە چەند چەند دێرێك بەرانبەر یەك وشە دابنرێت. ئەم جۆرە فەرهەنگە دەشێت تایبەت بێت بە بوارێك یان توێژێك ...هتد، بۆ نموونە ئینسکلۆپیدیای پزیشکی، هونەریی، فەلسەفە، دەشێت گشتی بێت وەك ئینسکلۆپیدیای گشتی.

### 4. فەرهەنگی وێنەیی

یەکێکە لە شێوازەکانی دیکەی فەرهەنگ، کە تیایدا وشە بەرانبەر ئەو وێنانە دادەنرێت، کە بەرجەستەن نەك واتایی، لەڕێگەی چەند هێڵێکی ئاراستەکراوەوە دەستنیشانی وێنەکان دەکرێت و لە بەرانبەریان ناوی وێنەکە دەنووسرێن.(أحمد ابراهيم خضر: 2013 : 25).

**5.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان**

**1. فەرهەنگی یەك زمانی**

فەرهەنگی یەك زمانی، فەرهەنگێکی ڕوونکەرەوە و بەکارهێنراوی گشتییە، جۆرێکە لە کارە سەرچاوەییەکان، وشەی یەك زمانی تێدایە، لە ڕیگەی هەمان زمانەوە، ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکان دەکرێت. نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە وەك: ئۆکسفۆری ئینگلیزی، دۆدنی ئەڵمانی، دێهخودای فارسی، لیسان ئەلعەرەبی عەرەبی، فەرهەنگی خاڵ و کوردستان لە کوردیدا.

**2. فەرهەنگی جوتزمانی**

فەرهەنگی جوتزمانی، جۆرە فەرهەنگێکە وشەی دوو زمانی تێدایە، بە شێوەی وەرگێڕانی لەیەك نزیك، ئەمەش یارمەتی وەرگێڕ و فێرخوازانی زمان دەدات، کە بە زمانی بیانی دەق بخوێننەوە یان دروستی بکەن. نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا وەك: فەرهەنگی مەهاباد(کوردی ـ عەرەبی) و فەرهەنگی ئازادی(ئینگلیزی ـ کوردی) و فەرهەنگی کاوە(فارسی ـ کوردی)...هتد.

**3. فەرهەنگی فرەزمانی**

فەرهەنگی فرە زمانی، بەو فەرهەنگە دەوترێت، کە لە دوو زمان زیاتری تێدا بەکارهاتووە، واتە ئەم جۆرە فەرهەنگە سەرچاوەییە و وشەی کۆمەڵە زمانێکی تێدایە، وشەکان لە ڕێگەی لەیەك نزیکی وەرگێڕانەوە بۆ یەکتر دەگەڕێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگە، فەرهەنگی سێ زمانی: فەرهەنگی مەردۆخ(کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی)، چوار زمانی: فەرهەنگی قانوونی (عەرەبی ـ کوردی ـ فەڕەنسی ـ ئینگلیزی)، پێنج زمانی: فەرهەنگی کۆلکەزێڕینە(کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ فەڕەنسی ـ ئینگلیزی)، حەوت زمانی: فەرهەنگی وشەکان(ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ فارسی ـ تورکی ـ ئەرمەنی ـ کوردی ـ سیریك).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 6.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە

#### 1. فەرهەنگی ئاوەزی

فەرهەنگی ئاوەزی کۆی هەموو وشە و یاسا و ڕێساکانی زمانە، کە لەنێو ئاوەزدا هەیە و بۆ درکپێکردن و تێگەیشتن و گواستنەوەی هەست و بیر، مرۆڤ لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنێت. ئەو فەرهەنگە ئەپستراکتە، کە لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، فەرهەنگە گشتی ئەو تاکانەی لێدروستدەبێت.

#### 2. فەرهەنگی دانراو

فەرهەنگێکی بەرجەستەیە و لەسەر ماددەی جۆراوجۆر تۆمارکراوە، وەك: تەختەی قوڕین، گەڵای قامیش، پێستی ئاژەڵ، کاغەز و هاردی کۆمپیوتەر و .....هتد.

### 7.2: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە

#### 1. فەرهەنگی گشتی:

فەرهەنگێکی زمانی گشتگیرە، گەنجینەی وشەکانی زمانێك لەخۆدەگرێت بە هەموو شێوەپێکهاتەیی و پەیوەندییە واتاییەکانیانەوە. ئەم جۆرە فەرهەنگە بە دوو جۆر دەخرێتەڕوو، بە تەسەلی و بە پوختی.

#### 2. فەرهەنگی تایبەتی:

تایبەتە بە بابەتێك یان زانستێك، تەواوی زاراوە پەیوەستدارەکان بەو بابەت و زانستەی تێدایە. هەر زاراوەیەکی زانستیش لە بەرانبەر چەمکێکی ئەو زانستە دەوەستێت و هاوواتایی تێدا نییە. فەرهەنگی تایبەتی دەبێت بە دوو جۆر: فەرهەنگی بابەتی، کە وشەکانی بابەتێکی تێدا کۆکراونەتەوە و بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، وەك فەرهەنگی دەنگ، فەرهەنگی ڕەنگ، فەرهەنگی باڵندە،....هتد. فەرهەنگی پسپۆڕی، کە زاراوەکانی پسپۆڕییەتییەکەی تێدا ڕیزکراون و بە شێوەیەکی زانستییانەتر ڕێکخراون، وەك فەرهەنگی پزیشکی.

## ئەنجام

1ـ باشترین جۆری فەرهەنگ بۆ ئێمەی کورد، فەرهەنگی نەتەوەییە، چونکە ئەم فەرهەنگە هەموو وشە و زاراوەکانی زمانی کوردی لەخۆدەگرێت.

2ـ فەرهەنگ کردەی گەلەکۆمەکە نەك تاکەکەس، بەو واتایەی بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی باش و تەواو زانستی بنووسرێت، پێویستە کۆمەڵێك کەس لە چوارچێوەی لیژنەی تایبەت ئەم کارە ئەنجامبدەن.

3ـ لە دوای ڕاپەڕین ژمارەی فەرهەنگ لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە زۆر زیادیکردووە.

4ـ لای کورد فەرهەنگنووسین کردەی تاکەکەس بووە، بەو واتایەی تاکەکەس بە ئارەزوو و خەمخۆریی خۆی دەستی بۆ نووسینی کردەی فەرهەنگ بردووە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

1ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(1975)، لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

2ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(1977)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

3ـ بەناز ڕەفیق تۆفیق(2008)، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خواروودا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی زانکۆی بەغدا.

4ـ جەمال نەبەز(2001)، بە بۆنەی سیمیناری قاموسی کوردییەوە لە هەولێر، گ.نووسەری نوێ، ژ19.

5ـ حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی(1968)، سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

6ـ علی حمد عوسمان(2016)، ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا ـ فەرهەنگەکانی یەکزمانیی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران.

7ـ محەمەد مەحوی(2001)، وشەنامە و فەرهەنگ، گ. نووسەری نوێ، ژ.19، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

### دووەم: بە زمانی عەرەبی

8ـ احمد ابراهیم خضر(2013)، الفرق بین الموسوعة و الانسكلوبيديا و القاموس، موقع بوابتي، مصر.

9ـ أحمد بن عبدالله الباتلي (1992)، المعاجم اللغوية و طريق ترتيبها، الطبعة الثانية، دار الراية، رياض.

10ـ احمد مختار عمر(1998)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة.
11ـ علي محمد القاسمي(1991)، علم اللغة و صناعة المعجم، مطبوعات جامعة الرياض.
12ـ محمد حسن عبدالعزيز(1983)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، جامعة القاهرة، مصر.
13ـ محمد عبدالحفيظ العريان(1984)، المعاجم العربية المجنسة، مصر، دار المسلم.
14ـ محمد علي الخولي (1986)، معجم علم اللغة التطبيقي، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.
سێیەم: بە زمانی فارسی
15ـ محمد معين(1376 / 1997)، فرهنگى فارسى، جلد دوم، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران.
**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**
16- Halliday, M.A.K. Colin Yallop(2007), Lexcology, Ashort Introduction, London Cromwell press.
17- Zgusta, L.(1971), The Manual of lexicography. Czechoslovak Academy of Sciences.

## Types of Dictionaries in Kurdish Language

**Asst. Prof. Dr. Nariman Abdullah Xoshnaw**
Department of Music, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
neriman.xoshnaw@yahoo.com

**Keywords:** *Dictionary, Lexicon, Vocabulary, Lexicology, Lexcim*

## Abstract

1-Title of the study:
Our research is entitled with (Types of Dictionary in Kurdish Language).
2-Limits of the study:
The limit of the study is on practical linguistic level, the examples of the study covers Kurdish dictionaries in all dialects and accents, also contains these dictionaries that are between Kurdish and other languages.
3-Methods of the study:
The method which is applied on this study is (descriptive analytical method).
4-Reasons of the study:

Practical linguistic is an important branch of linguistics, discussing this science especially (dictionary and lexicology) has a close history, that is why although writing and researching is done, it is minimal so we chose this subject to enrich the Kurdish library.

5-Problems of the study:

Unfortunately, the selection of dictionary types has not been shown in this extensive way as we applied in this study, but the sources have talked about them intermittently and incompletely, which has taken us a long time trying to show all kinds of dictionaries in Kurdish as an example of Kurdish dictionary.

6-Materials of the study:

For this study, we have resorted to identifying the majority of Kurdish dictionaries, especially those published in regular books or electronic books.

7-Research content and research plan:

The study consists of an introduction and two chapters:

Chapter One: which is titled (dictionary), contains these sections: (term and definition of dictionary, dictionary term, dictionary definition, dictionary benefits, basic dictionary letters order).

Chapter Two: which is titled (dictionary types), contains these sections: (dictionary types in terms of features, dictionary types in terms of content, dictionary types in terms of size, dictionary types in terms of style, dictionary types in terms of language numbers, dictionary types in terms of quantity, dictionary types in terms of subjectivity).

Finally, the results of the study and the list of references, with the abstract of the study presented in Arabic and English.

## أنواع المعاجم في اللغة الكوردية

**ملخص:**

1- عنوان البحث

عنوان بحثنا هو (أنواع المعاجم في اللغة الكوردية).

2- إطار البحث

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بحثنا هو في إطار علم اللغة التطبيقى، وقمنا بسوق الامثلة من المعاجم الكوردية لجميع اللهجات الكوردية، ويشمل بحثنا هذا ايضا المعاجم التي تضم اللغة الكوردية مع اللغات الاخرى.

3- منهج البحث

يتم تناول موضوع البحث في الاطار منهج(الوصفي التحليلي).

4- أسباب اختيار الموضوع

علم اللغة التطبيقي تعد من احدى الفروع المهمة والاساسية لعلم اللغة، والحديث عن هذا الموضوع عموما المعاجم وعلم المعاجم يعود الى تاريخ قريب، ولذلك فان الكتابة منه والبحث فيه ستظل قاصرة عن الايفاء بها وهذا هو السبب في اختيارنا لهذا الموضوع.

5- مشكلة البحث

مع الأسف لم يتم تحديد أنواع المعاجم بهذا الشكل الواسع الذي تناولناه في بحثنا هذا، فقد ذكرت المصادر أنواع المعاجم بشكل متقطع ومبتسر، ولذلك فقد احتاج الامر وقتا طويلا لأنجاز هذا البحث الذي يضم أنواع المعاجم في اللغة الكوردية على شاكلة المعجم الكوردى.

6- أدوات البحث

من أجل اتمام بحثنا هذا قمنا بتحديد أغلب المعاجم الكوردية وبالاخص تلك المعاجم التي تمر طبعها ونشرها في كتب اعتيادية أو في كتب الكترونية.

7- مضمون وخطة البحث

يتكون البحث من مقدمة وقسمين:

القسم الاول: تحت عنوان (المعجم)، يضم هذه المحاور: (مفهوم وتعريف علم المعاجم، مفهوم المعجم، تعريف المعجم، فوائد المعجم، الاساس في تصغيط وترتيب حروف المعجم).

القسم الثاني: تحت عنوان (أنواع المعاجم)، حيث يشتمل على هذه المحاور: (أنواع المعاجم من حيث الشكل، أنواع المعاجم من حيث المضمون، أنواع المعاجم من حيث عدد اللغات، أنواع المعاجم من حيث كيفيتها، أنواع المعاجم من حيث مواضيعها).

وفي الختام ذيلنا البحث بالنتائج التي خلصنا اليها وقدمنا قائمة بالمصادر مع ملخص البحث باللغتين العربية والانكليزية.